نێچیرڤان بارزانی پەیامەکی بەبۆنەی بەردومانی شارچکەی قەادزی بڵاوکردەوە



نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە یادی 50 ساڵەی بەردومانی شارچکەی قەادزی لایەن رژێمی پێشووی بەعسەوە پەیامەکی بڵاو کردەوە.

لە پەیامەکەدا وتیی،"ئەمڕۆ یادی خەمگینی 50 ساڵەی شەهیدبوونی دێیان قوتابی و مامۆستای زانکۆی سلێمانی و هاووڵاتیانی سڤیلی قەادزە دەکەینەوە، کە 24ی نیسانی 1974 بوونە قوربانیی تاوانێکی تری ژینۆسایدی ئۆسای عێراق".

هەروەها رایشگەیاند "ئێم تاوان و قوربانیانی ئەو ژینۆسایدە زانکۆی سلێمانیی لە قەادزە و خەڵکی شارۆچکەی ناوچەکە، تەنیا لاپەڕەیەکی مێژووی خوێنین و بەئازاری گەلی کوردستانە کە دەبێ وانەی لێ وەرگرین و بە یەکگرتوویی و تەبایی و پێکەوەییمان، بە هەمیشە ڕێگە لە دووبارەبوونەوەی ئەو مێژووە بگرین و بە ئومێدەوە کار بۆ داهاتوویەکی باشتر بکەین".

سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە کۆتایی پەیامەکەیدا سڵاو و درووی بە گیانی پاکی شەهیدانی قەادزە و پشدەر و تەواوی شەهیدانی کوردستان نارد.